www.kurdistannet.org

# ململانێی دژەکان (تیرۆر وەك نمونە)

**عەبدوڵلاّ خالید**

**یەکێك لەو بابەتە هەستیارانەی "مارکس" تیۆریزەی بۆ کردووە ئەوەیە کە دیاردەکان دژەکانی خۆیان بەرهەمدێننەوە .نمونەی زیندوی ئەویش لەوبوارەدا سیستەمی سەرمایەداری بوو کە بەهۆی سروشتێوە چینێکی نەیارو دژ پەیدا دەبیٚ و"مارکس بە پرۆلیتاریا ناوی برووە و کردویەتی بە داینامۆی گوڕانخوازی لە دونیای سەرمایەداریدا.**

**لەو سۆنگەوە دەکریٚ بڵێین بۆرژوازی نیشتمانی لە نێو نیشتمانی خۆیدا پرۆلیتاریای بەرهەمهێنا و،لە دەرەوەی سنوورەکانیشیدا لە رێگای کارە سەربازییەکانیەوە بزوتنەوە ئازادیخواز و سەربەخۆخوازەکانی گەلانی لیٚکەوتەوە.**

**وەها لێکدانەوەیەکیش دەکریٚ بۆ ئەمڕۆش راستبیٚ!چونکە ئەگەر لەو روانگەیەوە بڕوانینە دونیای ئەمڕۆ دەبینین " عەولەمە" لە "سەنتەر" دا لە گەڵ نەیارانی رووبەڕوو بۆتەوەو، لە "کەنار"یشدا کردەوە سەربازییەکانی لە گەڵ تیرۆردا دەستەویەخەیە! بوونی نەیارانی بەجیهانیکردن لە پەراوێزو، جێگیربوونی تیرۆریست لە سەنتەردا ئەو مۆرکە گشتییە رەشناکاتەوە.**

**لێرەشدا مەبەست ئەوەنیە کە نەیارانی"بەجیهانیکردن" بە "پرۆلیتاریا" و"تیرۆریستان" بە"بزوتنەوەی ئازادیخوازانی گەلان" بشوبهێنین.ئەگەرچی بۆی هەیە گوتاری رۆژئاوایی چەشنێك لەو "تێکەڵکردن"ە بەرهەمبهێنیٚ لە پێناوی بەرژەوندییەکانی خۆی، یان بڵێین هێشتا رۆژئاوا گوتارێکی ستراتیژی بەرهەمنەهێناوە بۆ دەرەوەی خۆی. بەڵکو گەمە لە نێوان وەهمی دوێنیٚو واقیعی ئەمرۆ دەکات بە ئاواتی مەیسەرکردنی دونیا نوێیەکەی!هەوڵەکانی "فۆکۆیاما"و"هنتگتۆن" لەو پێناوەدا بوون. بەلام زۆر بڕیان نەکردوو پەتیان پسا!**

**ئەگەر لێرەدا قسە لەسەر دژ و نەیارە دەرەکییەکە بیٚ"تیرۆریستان" ئەو بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بە نەیاری دوێنیٚ بیشوبهێنین. بەلاّم پرسیار ئەوەیە بۆ ناتوانین؟**

**یەکەم: تیرۆریستان تەنها دژی هێزە کاراکانی جیهانی ئەمڕۆ نین، بەڵکو نەیارێکی دڕندەی خەڵکی ئەو وڵاتانەشن کە تیایدا جێگیربوون.هەر ئەمەش وایکردووە خەڵکی ئەو وڵاتانە کارە تیرۆریستییەکان لە چوارچێوەی"پلانی دۆمینەدا" دابنیٚ کە لە رێگایەوە روژئاوە گەلێك مەرامی دیکە جێبەجێبکات. بەتایبەت ئەو جووتە مێژویەکی هاوبەشیان هەیە لە دوێنێدا!**

www.kurdistannet.org

دووەم: کردەوە تیرۆریستییەکان لەمپەر و وەلاّمێك نیە بۆ رەوانەوەی گوتارو هێزی رۆژئاوا لە رۆژهەلاّتدا، بەپێچەوانەوە دەروازەیەکە نەك تەنها بۆ هاوردەکردنی بگرە بۆ چەسپاندنیشی!

ئەو دوو هۆکارە دەمانخاتە بەردەم واقیعێك کە پێمان دەلّێت هێشتا نەیاریی بۆ کردەوە سەربازییەکانی رۆژئاوا لە دەرەوەدا بەرهەمنەهاتووە.هەر ئەو دوو هۆکارە پێمان دەلّێت کە وەلاّمی تیرۆریستانە ناچێتە خانەی نەیارییەوە، بەلّکو هۆکارێکی خزمەتگوزارە بۆ گوتاری دەرەکی رۆژئاوا بۆ تەشەنەکردن لە دەرەوەی خۆیدا. پێم وایە لەدایکبوونی نەیاری دەرەکی گرێدراوی لە نێوبردنی تیرۆرە،چونکە لە تەپوتۆزی ئەمڕۆدا هەموو کارتەکان تێکەلّ بەیەکدیی کراون کە ئەمەشیان لەلایەك خزمەت بە تیرۆر دەکات و لەولاشەوە بە رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بە تایبەتی.چونکە لێرەوە هەموو توانستە دەرەکییەکە کە توانای وەلاّمی هەیە بەشتی دیکە گیروەدە کراوەو ئەولەویاتی دیکەی بۆ دروستکراوە!

لە دوێنێدا ئەگەر سەرمایەداریی لە نێوخۆدا لە رێگای فشاری چین و توێژە فشاربەرەکان ملی بۆ هەندێك شتدابیّ،ئەوە لە دەرەوە رووبەڕووی وەلاّمی توندی بزوتنەوە ئازادیخوازەکان بۆوە تائاستی پاشەکشە پێکردن.دووبارە نەبوونەوەی ئەم ئەزموونە بۆ ئەمریکا مەجی سەرکەوتنیەتی هەر بۆیە هاتنە ناوەوە لە رێگای نەخۆشیەکانی رۆژهەلاّتەوە"تیرۆر،دیکتاتۆریەت، نەبوونی مافی مرۆڤ"جودایە لە هاتنەناوەوە لە گوتاری دۆزینەوەی بازاڕو دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەلاّت، کە لە رابردودا کاری لە سەر دەکرا.بە تایبەتی دێوەزمەیەکی وەك تیرۆر کە کراوە بە دوژمنی هاوبەشی رۆژهەلاّت و رۆژئاوا کە نەك هەر تیرۆریستان بێسنوورکراون، بەلّکو دژە تیرۆرەکانیش بێسنوور دێن و دەچن. ئەمەش سەرە داوێکی دیکەی ئەو جیهانەیە کە ئەمریکا و رۆژئاوا دەخوازن بەرقەراربیّ.

لێرەوە هەموو هەولّەکانی رۆژئاوا دەکەوێتە بن گومان بۆ لە نێوبردنی تیرۆر لە رۆژهەلاّتدا.بۆیە دەبیّ ئەو گەلانەی کە تیرۆر دەیانهاڕێت و ئەمریکا پەلکێش دەکات ، بۆخۆیان ملبدەنە بەر لە نێوبردنی ئەو دیاردە ترسناکە"وەك دەگوترێت خاوەن گرفتەکان بۆ خۆیان دەتوانن گرفتی خۆیان چارە بکەن" چونکە لە دوێنێدا ئەمریکا بۆ خۆی ئەو تیرۆریستانەی بەرهەمهێناو،لەولاشەوە دواجار پشتگیریکردنی لە دەسەلاّتە دیکتاتۆری و کۆنەپەرستەکان لە ئەمرۆدا تیرۆریستیان بەرهەمهێنایەوە.

لە نێوبردنی تیرۆریش بەو مۆدێلە ئەمریکاییە دەستپێناکات کە "کارگەی سەربازی" بۆ بخرێتە گڕ، بەلّکو چارەیەکی ریشەیی دەخوازێت هەر لە چاککردنی بارو گوزەرانی خەلّك و رەخساندنی هەلی کاری شیاو بۆ مەدەنیکردنی کۆمەلّگاو لێکجیاکردنەوەی دەسەلاّتەکان و رەخساندنی

ئازادییەکانی تاك وئازادییە گشتییەکان و تا بە دیموکراسیکردنی کۆمەڵگا و ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەلاٌت و خەڵك و............تد.

وەها چارەیەکیش نەك زەمانەتە بۆ لەنێو بردنی تیرۆر،بەڵکو ئەو کەلێنانەش دادەخات کە لە رێگەیەوە ئەمریکا دزەی لێوە دەکات. بۆیە وادەزانم لە نێوبردنی تیرۆر لەسەردەستی گەلان بە پلەی یەکەم لە قازانجی خۆیانەو بە زیانی "گوتاری دژە تیرۆر" دەشکێتەوە،کە بۆی هەیە بەربەست بخەنە بەردەم لەنێوبردنیشی!